# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست سەبارەت بە کارەبای هەولێر

سەبارەت بەو لێدوانەی، کە لە ژمارە (٢٧٨٩)ی ڕۆژی (٢٠٠٢/٦/٢٣)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا لە بارەی کارەبای هەولێر بڵاوکراوەتەوە، سەرچاوەیەکی وەزارەتی پیشەسازی و وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕوونکردنەوەی پێشکەش کرد:

ڕۆژی (٢٠٠٢/٦/٢٣) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لێدوانی سەرچاوەیەکی برایانی ئیدارەی سلێمانی بڵاو کردۆتەوە، کە تیایدا بڕینی تەزووی کارەبا لە شاری هەولێر ڕەت دەکاتەوەو، پاساو بۆ ئەو خشتەیە دەهێنێتەوە، کە کارەبای سلێمانی بڕیاری لەسەر داوەو، دەیەوێ بەو نرخە بەرزە کارەبا بە هاووڵاتیانی شاری هەولێر بفرۆشێ. سەبارەت بەو لێدوانە بە پێویستمان زانی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بۆ جەماوەری کوردستان بەگشتی و، خەڵکی هەولێری پایتەخت بەتایبەتی ڕوون بکەینەوە:

١- لە لێدوانەکەدا هاتووە، کە کەم کردنەوەی کارەبای هاتوو بۆ هەولێر لە (١٠٠) مێگاواتەوە سەرەتا بۆ (١٥) مێگاوات و، دوای ئەوەش بۆ (٣٠) مێگاوات (بە هۆی چەند هۆکارێکی تەکنیکییەوە بووە). جا بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی کەم کردنەوەی بێ پاساوی بەشە کارەبای پارێزگای هەولێر، ئاماژە بە بروسکەی ژمارە (تایبەت)ی ڕۆژی (٢٠٠٢/٦/١٥)ی کارەبای سلێمانی دەکەین، کە ئاراستەی کارەبای هەولێر کراوە و، ئەمەش دەقەیەکەتی:

**لە/ سیروان عارفەوە**

**بۆ/ بەڕێز کاک عەبدولعەزیز شەمسەدین**

**پاش سڵاو...**

**ناتوانین بەو نرخەی ئێوە کارەباتان پێ بفرۆشین، چونکە ئەو نرخەی ئێوە ئەبێ بەهۆی دروست بوونی جیاوازی لە نرخی کارەبا لە نێوان شاری هەولێر و سلێمانی و ناوچەکانی تر. لەبەر ئەوە:**

**١- داواکارین دەست پێ بکەن بە کەم کردنەوەی لۆد.**

**٢- ئەگەر ڕای ترتان هەیە لەسەر نرخ ڕۆژی (٢٠٠٢/٦/١٧) تکایە ئامادەبن بۆ سلێمانی.**

**لەگەڵ ڕێزماندا...**

دوای ئەو بروسکەیە لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ڕۆژی (٢٠٠٢/٦/١٧)ی نێوان شاندی کارەبای هەولێر و شاندی کارەبای سلێمانی، برایانی سلێمانی بە ڕاشکاوی ڕایان گەیاند، کە سوورن لەسەر نرخی پێشنیازکراوی خۆیان و، بڕیاریان داوە سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی (٦/١٨) بڕە کارەبای هاتوو بۆ هەولێر بۆ (١٥) مێگاوات کەم بکەنەوە. ئەوە بوو دوا بەدوای بروسکەیان ژمارە (ت) لە (٦/١٩)، بێ ئەوەی باسی هیچ هۆکارێکی تەکنیکی لە ئارادا بووبێ، کارەبای هەولێریان سەرەتا بۆ (١٥) مێگاوات و، دوای ئەوەش بۆ (٣٠) مێگاوات کەم کردەوە. ئینجا لە (٢٠٠٢/٦/٢١ ) بۆ (٧٠) مێگاوات زیاد کرایەوە.

لەمەوە بەڕوونی دەردەکەوێ، کە هۆکاری بڕینی کارەبای هەولێر بە پێچەوانەی ئەوەی، کە برایانی ئیدارەی سلێمانی ئاماژەی بۆ دەکەن، تەکنیکی نەبووە؛ بەڵکو بەهۆی سووربوون لەسەر نرخێکی بەرز و نابەجێ و، بە بڕیارێکی پێش وەخت ئەنجام دراوە.

٢- لە لاپەڕە دووی ڕۆژنامەکەدا دوو خشتە بڵاو کراوەتەوە، خشتەی یەکەمیان کە دوور و نزیک پەیوەندی بە نرخی کارەباوە نییە، حساباتێکی خەیاڵی بۆ سەرفیاتی کارەبا دەخاتە ڕوو، کە زۆر لە واقیعەوە دوورە. بۆ نموونە، دەڵێن: (تەنها یەک تاکە ئەمپێری کارەبا «٥» گلۆپی نیۆن و (١) دەزگای تەلەفزیۆن و (١) پانکە و (١) موبەڕیدە یا سەلاجەی بچووک) دەخاتەکار. لەکاتێکدا کە لەسایەی بێ کارەبایی ئەم چەند ساڵەی دواییدا کەس نییە ئەو ڕاستییە نەزانێ، کە بە یەک ئەمپێر نەک ئەو هەموو دەزگایە، بەڵکو یەک موبەڕیدە یا یەک سەلاجەش ناکەوێتە کار. جا ئەمڕۆ لەکاتێکدا لای کەس شاراوە نییە، کە تەنانەت (٤) ئەمپێریش کەمترین پێداویستییەکانی یەک ماڵ لە کارەبا بەتەواوی دابین ناکات، دەپرسین لەسەر چ بنچینەیەک و بە پێی چ حساباتێک بۆ یەک ئەمپێر ئەو هەموو دەزگا کارەباییە بەدوای یەکدا ڕیز کراون؟

٣- هەر لە لاپەڕە دووی ڕۆژنامەکەدا نرخی کارەبای گشتی و، کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان بەراورد کراون، ئەو مۆلیدانەی، کە خەڵکی کوردستان بە هۆی بێ کارەبایی و، لە بارودۆخێکی تایبەتیدا بۆ کڕینی کەمترین پێداویستییەکانیان لە وزەی کارەبا بەناچاری پەنای بۆ دەبەن. جا بۆ دەست نیشان کردنی نرخی کارەبای پێشنیازکراو لەلایەن برایانی کارەبای سلێمانییەوە بەچاکی دەزانین دەقی ئەو خشتەیە بخەینە ڕوو، کە خۆیان لە کۆبوونەوەکاندا پێشکەش بە ئێمەیان کردووەو، سوورن لەسەر جێ بەجێ کردنی. هەروەک لە خوارەوەی خشتەکەدا هەر خۆیان ڕوونیان کردۆتەوە موعەدەلی نرخی یەک کیلۆوات-سەعات (٣٦٥) فلسە، کە مانگانە دەکاتە (٢٦٢) دینار بۆ هەر چوار ئەمپێری کارەبا، کە بێگومان هەروەک لە ڕوونکردنەوەی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو نرخە بەرزە نە لە توانای هاووڵاتییانی هەولێر و، نە لە توانای هاووڵاتییانی سلێمانیدایە.

سەبارەت بەوەش. کە (نرخی کارەبا بۆ شاری هەولێر هەمان نرخی دیاری کراوە بۆ شاری سلێمانی) هەروەک لە ڕوونکردنەوەی برایانی ئیدارەی سلێمانی دا هاتووە، دەڵێین بەپێی زانیاری ئێمە تا ئێستا ئەم خشتەیە لە پارێزگای سلێمانی جێ بەجێ نەکراوەو، بۆ هەر کیلۆوات- سەعاتێک تەنها (٤٠) فلس لە هاووڵاتییان وەردەگیرێت، کە مانگانە دەکاتە نزیکەی (٢٩) دینار بۆ (٤) ئەمپێری کارەبا.

٤- سەرچاوەکەی کارەبای سلێمانی باس لەوە دەکات، کە بەپێی بەرنامەی ئێستای دابەش کردنی کارەبا، ئاوی بەنداوەکان زۆر سەرف دەبێت و، (تا دەگاتە مانگی پێش کۆتایی ساڵ ئاستی ئاو لە بەنداوەکان کەم دەبێتەوە). کەچی هەرخۆیان لە گشت کۆبوونەوەکاندا دووپاتیان کردۆتەوە، کە بەهۆی بەفر و بارانی زۆری ئەمساڵ ئاستی ئاوی هەردوو بەنداو بە ڕادەیەک بەرز بۆتەوە، کە بۆ زیاتر لە ساڵێک بەشی بەرهەمهێنانی کارەبا دەکات.

سەبارەت بە ئیلتیزامی ئاودێرییش بەرامبەر بە ناوەڕاست و باشووری عێراق، کە بەکارێکی ئاسایی دەزانین، ئەمەش هەر خۆیان لە کۆبوونەوە هاوبەشەکاندا باسیان کردووە.

٥- لەکاتێکدا کە لێدوانەکە لە چەند شوێنێکدا باسی ڕەچاو کردنی وەزعی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت دەکات، کەچی لە هەمان کاتدا داوا لە هەمان خەڵکی هەژار دەکات، کە هەموو مانگێک (٢٦٢) دینار بەرامبەر بە (٤) ئەمپێری کارەبای بەنداوی دوکان و دەربەندیخان بە ئیدارەی سلێمانی بدەن. بە بەراورد کردنی ئەم نرخە لەگەڵ داهاتی خێزان لە کوردستاندا بۆمان دەردەکەوێ، کە نرخێکی بەرزەو لە توانای زۆربەی ئەو خەڵکەدا نییە. بەپێی دوا دیراسەتی ئامادەکراو سەبارەت بە داهاتی خێزان لە کوردستان، کە ڕێکخراوی (SCF) ی بەریتانی ئەنجامی داوە، (٦٠٪)ی خانەوادەکانی کوردستان هەژارن و داهاتی مانگانەیان لە (٥٠٠) دینار کەمترە. هەروەها داهاتی مانگانەی (٣/١)ی ئەو (٦٠٪)ـەش ناگاتە (٢٥٠) دینار و بە خەڵکی زۆر هەژار دانراون. لێرەدا دەپرسین ئایا ئەو خەڵکە دەتوانن بە نرخێکی وا بەرز کارەبا لە ئیدارەی سلێمانی بکڕن؟.

بۆیە داوا دەکەین ئەو نرخەی، کە کارەبای هەولێر پێشکەشی کردووە(٥١) دینار بۆ (٤) ئەمپێری کارەبا وەکو (معدل)، کە نرخێکی بەجێ و واقعییەو، قازانجێکی زۆریشی بۆ ئیدارەی سلێمانی تێدایە پەسند بکرێت و، چیتر کارەبا لە جیاتی هێنانی ڕووناکی و دابین کردنی ئاسوودەیی، نەبێتە مایەی مەینەتی و دەردەسەریی زیاتری هاووڵاتییان.

*** لە لاپەڕە دوودا خشتەی ئیدارەی سلێمانی بۆ نرخی کارەبا بڵاوکراوەتەوە.**

# خشتەی ئیدارەی سلێمانی بۆ نرخی کارەبا

| جۆر | ڕێژەی ٪ | نسبه ی یه که % | یه که کان KWH | نرخ / دینار /KHW | یەکەکان بە کیلوات / | پارەی وەرگیراو بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مالان | 32 | 4 | 1--150 | 0.060 | 32.800 | 1.968 |
| | | 3 | 150--360 | 0.100 | 65.600 | 6.560 |
| | | 17 | 361--510 | 0.250 | 139.400 | 34.850 |
| | | 22 | 511--660 | 0.350 | 180.400 | 63.140 |
| | | 24 | 661--810 | 0.450 | 196.800 | 88.560 |
| | | 25 | 811-- | 0.500 | 205.000 | 102.500 |
| | | | | | 820.000 | 297.578 |
| بازرگانی | 15 | 17 | 1 -- 10 | 1.000 | 25.500 | 25.500 |
| | | 14 | 10--300 | 0.100 | 21.000 | 2.100 |
| | | 17 | 301--600 | 0.150 | 25.500 | 3.825 |
| | | 18 | 601--900 | 0.200 | 27.000 | 5.400 |
| | | 18 | 901--2700 | 0.400 | 27.000 | 10.800 |
| | | 16 | 2700--- | 0.550 | 24.000 | 13.200 |
| | | | | | 150.000 | 60.825 |
| پیشەسازی | 2 | 2 | 1--2400 | 0.100 | 0.400 | 0.040 |
| | | 8 | 2401--4800 | 0.150 | 1.600 | 0.240 |
| | | 10 | 4801--7200 | 0.200 | 2.000 | 0.400 |
| | | 80 | 7201--- | 0.250 | 16.000 | 4.000 |
| | | | | | 20.000 | 4.680 |
| کشتوکالی | 1 | 100 | 1--- | 0.200 | 10.000 | 2.000 |
| کۆی گشتی | | | | | 1000.000 | 365.083 |

یەک کیلۆ وات / کاتژمێرێکدا ئەکاتە ٠,٣٦٥ دینار

کەواتە یەک میگا / یەک کاتژمێر = ٣٦٥ دینار

کەواتە یەک میگا / یەک مانگ = ٣٦٥ دینار*٢٤ کاتژمێر * ٣٠ ڕۆژ = ٢٦٢,٨٠٠ دوو سەد و شەست و دوو هەزارو هەشت سەد دینار